# زەنگیانەکانی خۆشنوودی



## شیعری : تەها سلێمان

تۆ زەنگیانە فرۆشێکی میوان لەشارەکەی خۆتا دەناسی؟

گوێبگرە،

من ئەم جارەیان پڕاو پڕ گیرفانی هەناسەم زەنگیانەی شینم بۆ هێناوی و

پێت دەڵێم،

مەگەر خۆت نەتوت ملوانکەیەک لە زەنگیانەی شینم بۆ بچنە و

عاقڵ عاقڵ بیکەرە گەردنم.

من بەمناڵی دایکم فێری کردم یادەوەرییەکانم یاداشت کەم، دایکم دەیوت کوڕی شرینم پەڕەسێلکەکان مەتۆرێنە بۆ ئەوەی نووشتەی خراپمان لێنەکەن،هەر بەمناڵیش ڕقم لە پشیلە دەبوویەوە چوون ئەو هەموو جارێ ڕاوی ڕەوێڵەی جووجەڵەکانی دایکمی دەکرد و قاپلەمە شیرەکانی دایکمی دلەوتان،دایکم لە گوورگانە شەوەی شەوگاری درێژی زمستانا فێری کردم هاوڕێی هەموو زێڕووحێکی فەقیربم، شەوێک دایکم تادرەنگانێک نەخەوت لەبەر ئەوەی رستێک زەنگیانەی بۆ هاوڕێی کوژەکەی بەر تەوێڵی من هۆنیبووەوە ، ئەوسا ژنە قەیرەکانی گووند دەیانوت ئەم کوژەکەیە مناڵی جوان و زیتەڵ لە چاوی بەخیلان دەپارێزێ،(دایکە گیان توو خوا چیرۆکی خۆراسانم بۆ بگێڕەوە)

تۆ گوێبگرە،

ئەوە زەنگیانە فرۆشێکی قەیرەیە و

هاتوە پێت بڵێ:

مەگەر تۆ نەبووی پێت ووتم ئەم جارەیان بێ زەنگیانە نەیەیتەوە شاری دڵی من.

بەڵام حەبیبەی نالی،

ئەم زنگیانانە ئاسایی نین و

بۆ ئەبەد کاڵ نابنەوە.

ئائائا،

ئەمانە لەو زەنگیانە وردیلانەن کە

لە گیرفانی هێلەکی قەیرە کچەکانی گووندا نەبێ نەماون و

ئائائا،

ئەم زەنگیانانە لە پاشماوەی تاعوونی ساڵی بەفری ڕەش وەلاکەوتبوون و

دایکم دوای منالً بوونەوەی گەورەبوونم بۆی هێنامنەوە.

ئێستا ،

من نوێژ بۆ دایکم دەکەم و

ئایەتی نوێژەکانم سرووتێکن،

هیچ نوێژ گەرێکی تر نایزانێ.

ئێستا،

من نوێژ بۆ رستێک زەنگیانە دەکەم و

زیکری نوێژەکانم گۆرانیەکە،

کەس نەیچریوە.

ئێستا ،

من نوێژ بۆ ژنێک دەکەم و

نووشتەی دوای نوێژەکانم،

جۆرێک پاڕانەوەیە،

جگە لە ئەو کەس تێی ناگا.

ئێستا،

ژنێک لەبەردەم پەنجەرەی چاوەڕوانیدا،

کرێوەی بەفری هاتنێکی سپی پرچی خەنەیی دەکوتێ و

ترپەی پێی میوانێک دڵی دادەخورپێنێ و

منالێک بانگی دەکا:

هۆ ژنە نورانیەکەی شار،

رێبوارێک پرسیاری ماڵی ئیوەی کرد و

دەیوت:

مزگێنیم پێیە بۆی.

دایکم ئەمشەو،

وەک منالّی تێر ماچی کردم و

وتی:

هەناسەی دایکی،

تائەتوانی شرین و ترش بەوە بۆئەوەی ژنێک لەچاوەڕوانیتا نەسووتیٚ.

ووتم دایکە،

ئەو نەیهێلاّ قسەکەم تەواو کەم و

ووتی:

منالّیت پڕ بوو لەگەورەبوونی ئێستات و

وەک خۆت نووری عەشقت لێدەڕژا.

های زەنگیانە های زەنگیانە،

تۆ لە پرێکا دێیتە دەرو

بەهێواشیەک بانگ دەکەی،

هۆ زەنگیانە فرۆشە عاقلّەکە زەحمەت نەبیٚ تائێرە بیٚ و

بزان زەنگیانەی شینت پێیە؟

ئائائا،

خالّۆ ئێژم تۆ زەنگیانە فرۆشی ،

یان..

زەنگیانەت بۆ من هێناوە؟

های زەنگیانە های زەنگیانە.

تۆ تۆزیٚ قایمتر و

بانگ دەکەی،

ئێژم خالّۆ ویزرەمێک زەنگیانە بەچەن؟

زەنگیانە فرۆشەکە سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای خۆی دەکا و دەلّیٚ:

حەبیبەی نالی من زەنگیانە فرۆش نیم ،

بەلاّم ئەو پێی ووتم:

کە چویتە نزیک کوخەکەی ئەو شۆڕە ژنە بلّیٚ:

های زەنیانە های زەنگیانە.

ئیتر ئەو بانگت دەکا و

تۆش ئەم ئامانەتەی پێبگەیەنە.

**ناو دڵی زەنگیانەکان بگەڕێ.**

**توێ توێی هەناسەیان بپشکنە.**

**ئەوان هەموو ڕازێکی من دەزانن و**

**هەموو ڕازێکی تۆش هەڵدەگرن.**

**ئەوان لەدایکمەوە فێر بوون بەیانی باش لەمن بکەن و**

**لەنالیەوە فێر بوون حەبیبەیان خۆش بوێ و**

**لەدەریاوە ڕاهاتن ،**

**بەشەپۆلی بای باڵا بگەنە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی تۆ.**

**ئەوان زەنگیانەکانی خۆشنوودی،**

**لێرەو**

**لە مینای عەرشی دڵی مندا،**

**هەموو ئێوارەیەك گۆرانی :**

**(عەشق نەبێ ژیان ئەمرێ دەچڕن)،**

**دەچڕن و**

**مناڵبوونەوەی گەورەبوونم فێری دارە دارەی هاتنی تۆ دەکەن.**